ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دەنگ لەسەر پرۆژە یاسایەک دەدات کە تیکتۆک ناچار دەکات پەیوەندیی لەگەڵ خاوەنەکەی بپچڕێنێت

ئەمڕۆ چوارشەممە، ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دەنگ لەسەر پرۆژە یاسایەک دەدات کە ئۆپێراسیۆنی تیکتۆک ناچار دەکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ خاوەنە چینییەکەی بپچڕێنێت، ئەمەش لە چوارچێوەی سزای قەدەغەکردنی ئۆپەکە لە ئەمریکا.

ئەم پرۆژە یاسایە کە ناوی پاراستنی ئەمریکییەکان لە ئۆپێراسیۆنە بیانییە، بە گەورەترین مەترسی لەسەر ئۆپێراسیۆنەکە دادەنرێت و پاش ئەوە دێت کە نیگەرانیی لەلایەن حکومەت و بەرپرسانی ئەمنی دروستببوو لەبارەی خاوەندارێتییەکەی کە وەاتی چینە.

بەیارە دەنگدانەکە کاتژمێر پێنج بەکاتی کوردستان ئەنجامبدرێت و ئاژانسی فرانس پرێس پێشبینیدەکات بە کەمدەنگی و ئاسانی لە نێوان هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتەکان تێپەڕێت، بەوپێیەی تەنیا لە ئەمریکا ئۆپێراسیۆنەکە 170 ملیۆن بەکارهێنەری هەیە.